السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# هرس وناه بات، اشان هستت ودستنو برت، دواتر نو بات، اشان داوای لخشبوون ل خوای ور بات؛ ئوا خوای ور ل خش دبت

له عەلیەوە دەڵێت: من پیاوێک بووم ئەگەر فەرموودەیەکم ببیستایە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- ؛ خوای گەورە (بەهۆیەوە) سوودی پێ دەگەیاندم بە ویستی خۆی، وئەگەر یەکێک لە هاوەڵانی فەرموودەیەکی بۆم باس کردایە سوێندم دەدا، ئەگەر سوێندی بخواردایە ئەوا باوەڕم پێی دەکرد، وئەبوبەکر -فەرموودەیەکی- بۆم گێڕایەوە، وئەبوبەکر ڕاستی فەرموو، فەرمووی: بیستوومە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «هەرکەسێک گوناهێک بکات، پاشان هەستێت ودەستنوێژ بگرێت، دواتر نوێژ بکات، پاشان داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکات؛ ئەوا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت»، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ} واتە: {وە ئەوانەی کە کاتێک کردەوەیەکی ناشیرین دەکەن یان ستەم لەخۆیان دەکەن کە یادی خوایان کردەوە داوای لێبووردن دەکەن بۆ گوناهەکانیان} [آل عمران: 135].

[صەحیحە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەربەندەیەك گوناهێک بکات، پاشان هەستێت و بەڕێکی وجوانی دەستنوێژ بگرێت، دواتر دوو ڕکات نوێژ بکات بەنیەتی تەوبەکردن لەم گوناهە، پاشان داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکات؛ ئەوا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ} واتە: {وە ئەوانەی کە کاتێک کردەوەیەکی ناشیرین دەکەن یان ستەم لەخۆیان دەکەن کە یادی خوایان کردەوە داوای لێبووردن دەکەن بۆ گوناهەکانیان} [آل عمران: 135].

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65063

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee